# رۆڵی زانست لە گەشەکردنی بەردەوامی کۆمەڵایەتیدا

ئامانوئێل راکتیوڤ
و: بابان

گەشەکردنی بەردەوامی کۆمەڵایەتی بەرهەمی گەلێك هۆکارە: سەقامگیریی ئابووری، کەمی ئاستی ناکۆکی کۆمەڵایەتی. کەمبوونەوەی کێشە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان، گەشەی پیشەسازی، خزمەتگوزاریی باشتر، ئەمانە هەموویان بواری گونجاوتر دەرەخسێنن بۆ سەرمایەگوزاری، کارکردنی کارامەی ئەو دەوڵەت و رێکخراوە ناوچەییانەی کە مافی مرۆڤ دەپارێزن و ئاسایشی تاك و دامودەزگاکان دابین دەکەن. تێپەڕبوون بەرەو قۆناغی سەقامگیری و گەشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئاستی زانیاریی گشتی و بارودۆخی دەروونیی تاکەکان لە سەرلێشێواوی شەڕانگێزییەوە بۆ چالاکی هاوسەنگ و گەشبینیی مێژوویی. لەم رووەوە، یاسا کارامەکان، بەڕێوەبردنی ئاوەزیانە، جێبەجێکردنی وردبینانەتری یاساو.. بەچەشنێکی خێرا، زیادو بەردەوام پێشکەوتن دابین دەکەن. بەبڕوای من تازەگەری و تەکنۆلۆجیای پێشکەوتوو کە بەپێی سەرمایەگوزاری هاتوونەتە ئاراوە، دەبنە ئامرازی پەرەسەندن، ئەزموونە جیهانییەکان پێشاندەری ئەوەن کە زانست و تەکنەلۆلۆژیاییەکی پشتبەستوو بە زانست، لە دەیەکانی داهاتوودا گوروتین دەبەخشن بە پێشکەوتنی ئابووری، سیاسی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتان.

سەدەی بیستەم، سەردەمی ئاڵوگۆڕی بنەڕەتی جیهان بوو کە ئەنجامەکانی پێکهاتنی سیستەمێك بۆ پێوەندییە دوو بەرەییەکان و گرێبەستە ئابووری و جیۆپولیتیکییەکان.

ئەم سیستەمە تاقانایە جەخت لەسەر سیستەمێکی ئابووری - کۆمەڵایەتی و فرە چەشنیی کارکردی

ناوچەییانە دەکاتەوە کە لە ئاستە جۆراوجۆرەکانی، گەشەکردن سەریهەڵداوە. بەم تێڕوانینەوە دەتوانین وەك ئەزموونێك وڵات و ناوچەکان بکەینە چوار بەش:

١- ئەو وڵات و ناوچانەی کەرەستەی خاویان لەبەر دەستدایەو بەفرۆشتنیان (کە جێگەیان پڕ نابێتەوە) ژیانی خۆیان بەڕێوەدەبەن.

٢- ئەو ناوچانەی وا لە ڕێی سەرچاوە سروشتییەکان و بەرهەمە پیشەیی و ئەو خزمەتگوزارییانەی بەکەڵکوەرگرتن لە تەکنۆلۆژیای هاوردە بەرهەم هاتوون، بەڕێوە دەچن.

٣- ئەو ناوچانەی لە ڕێی بەرهەمهێنانی کاڵاو خزمەتگوزاری و نوێترین تەکنەلۆجی باڵا بە بەرهەمەوە دەژین و خەریکی گەشەکردنن.

٤- وڵاتانی پێشەنگی جیهان لە بواری زانست و تەکنەلۆژیا کە بەپشت بەستن بە مەعریفەی زانستییانە، زانستگەریی، تازەگەریی، تەکنۆلۆژیای پێشکەوتوو و کاڵاو خزمەتگوزاری پڕکەیفیەتەوە ژیان بەسەر دەبەن.

گروپی چوارەم کە ژمارەشیان کەمە، ئەو وڵاتانەن، ئاستی ژیانیان لەسەرەوەیەو دەسەڵاتی سەربازی، سیاسی و دارایی بەرچاویان هەیە، تەنیا ئەم وڵاتانە دەتوانن پەیڕەوی جۆرە سیاسەتێکی کارامەی دەڤەرناس بکەن و تارادەیەك دیسپلینی جیهان بپارێزن. ئەم چەشنە کۆمەڵگایانە زیاتر کۆمەڵگەی بان پیشەسازی، ڕاگەیاندن یان کۆمەڵگەی دامەزراو لەسەر زانستیان پێدەڵێن. تواناو دەسەڵاتی سەربازی و دارایی ئەم وڵاتانە لەسەر قەوارەیەکی هێجگار گەورەی زانستە کە لەسەریەك کەڵەکەبووە. ئەمەش ئەوە پێشان دەدات کە ئەمرۆ زانست کلیلی بەتوانابوونی تەکنۆلۆژیکی، گەشەسەندنی ئابووریی بەردەوام، ئاسایش، دەوڵەمەندی مادی و مەعنەوییە. لێرەدا مەبەست لە زانست پانتایی گشت بوارەکانی زانستە سروشتیی، کۆمەڵایەتیی و مرۆڤایەتییەکانە، زانست بەتاقی تەنیا دەتوانێ بنەمایەکی پتەو بۆ تەکنۆلۆجیاکانی بەرهەمهێنان، ڕاگەیاندن، پەرەپێدانی زانستی بەڕێوەبردنی دەوڵەت، دەزگا ئابوورییەکان، شێوازی پەروەردە، چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی و بەرگری و فەرهەنگییەکان فەراهەم بکات.

لەراستیدا ڕۆڵی زانست و چۆنیەتی بەکارهێنانی لە پێکهاتەی کۆمەڵایەتیی هەر وڵاتێکدا شێوازی پلەوپایەکەی لە جیهاندا، ئاستی دەوڵەمەندییەکەی، باری تەندروستی و فەرهەنگ و پەروەردەیی، پاراستنی مافی مرۆڤ و سیستەمی کۆمەڵایەتیی دیموکراسیانەی ئەو وڵاتە دیاری دەکات. جێگەی سەرسوڕمانیش نییە، چونکە زانست بەتاقی تەنیا بۆ تێکڕای ئەم پرسگەلە ڕێگە چارەی ئاوەزیانەی پێیە.

لە رووسیا گۆڕان لە کۆمەڵگەیەکی توتالیتارییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیموکراتیك، بەکەرتی تایبەتکردنی زۆربەی سامانە دەوڵەتییەکان، ڕۆیشتن بەرەو ئابووریی ئازاد و لە ئەنجامدا خاوەنداریێتی تایبەت و توێژبەندی کۆمەڵایەتی، نرخێکی زۆر تێچووە. ئەم وڵاتە لە ڕووی ئابووری و تەکنۆلۆژیا، دابونەریت، فەرهەنگ و ژیانی مەعنەوی، ئامادەی ئەم گۆڕانە نەبوو. هەرچەند سۆسیالیزمی سۆڤیەت شکستی هێناوە، بەڵام

سەقامگیربوونی سەرمایەداریی رۆژئاوایش ئاوا خێرا بەچەند ساڵ ناکرێت، ئەم کارە پێویستی بە بەرنامەو پلانێکی درێژخایەنە، شارەزایی کارامەو نوێی کۆمەڵێکی بەتوانا، فەرهەنگی تەکنەلۆجی و پرۆفێشناڵی بەرز، سیستەمی دارایی جیاواز، بەڕێوەبەرایەتی روو لە گۆڕانی دەوڵەت، یاساو دیسیلینی گەرەکە تا ئاسایشی گیان و ماڵی تاکەکان دابین بکات.

هیچ بەڵگەیەکی ئەوتۆ لەبەردەستدا نییە تا لەڕووی تیۆرییەوە، یان بەکردەوە بیسەلمێنێت کە ئەم سیستەمە ئابورییە کۆمەڵایەتییە لە گشت وڵاتێ بەیەك ئەندازە کارامەیەو دەتوانێ هەموو گرفتێك چارەسەر بکات و باشترین ئیمکانات بۆ چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتی، ئابووری و فەرهەنگییەکان، بۆ پێشگیریی لە ئەگەری دواکەوتوویی و زیانە کۆمەڵایەتییەکان فەراهەم بکات. ئەوەی ئەمڕۆکە رووسیا بەرەو رووی بۆتەوە ئابوورییەکی تێکەڵ و پێکناکۆکە کە بریتییە لە کەرتی دەوڵەتی و کەرتی تایبەت، پێکەوە و لە پاڵ یەکدا. ئێستا کۆمەڵگەی رووسیا لەسەر چوار رێیانێکە دەبێ یەك لەو رێگایانە بۆ ماوەیەکی مام ناوەندی و درێژخایەن (بەرەو ئاسۆیەکی دە ساڵانە) هەڵبژێرێت.

لێرەدا دەتوانین دوو سیناریۆی سەرەکی بە کەمترین ئاڵوگۆڕەوە بخەینەڕوو. یەکەم سیناریۆی تێکۆشان بۆ سەرمایەگوزاریی بەپێی چالاکی گورجی ئابووریی کەرتی تایبەت، کە بانکە بازرگانییەکان، کۆمپانیا پشکدارییەکان، پیشەسازییەکان و بەرهەمهێنان لە بواری راگەیاندن و خزمەتگوزاریدا دەگرێتەوە. بەم شێوەیە سەرمایەگوزاریی بیانی و ناوخۆ بەرەبەرە پەرەدەسێنێت و بەبێ ئەمەش گەشەکردنی بەردەوام نایەتە ئارا. پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن دەتوانین سەرمایەی بیانی بەسوودی زۆرو دڵنیا بهێنینە ناو رووسیا؟

ئەم قازانجە بەرهەمی کێبەرکێی کاڵا و خزمەتگوزارییەکانە، لەپێشدا لەگەڵ بەرهەمەکانی ناوخۆی وڵات و دواتریش لەگەڵ بەرهەمە هاوشێوەکانی خۆی لە بازاڕەکانی دەرەوەدا، ئەم جۆرە بەرهەمهێنانە پێویستی بەتەکنۆلۆجیای هەرە پێشکەوتوو و شارەزایی زیاترە. ئەمەیش پێویستی بە گواستنەوەی دووسەرەی تەکنۆلۆجی هەیە لە بەشی سەربازییەوە بۆ بەشی ناسەربازی و تەکنۆلۆجی هاوردە، ئەوەشمان لەبیر نەچێت رووسیا دەتوانێ تەکنۆلۆجیای (دوێنێ) و بەباشترین هەلومەرج تەکنۆلۆجی (ئەمڕۆ)ش بێنێتە ناو وڵات.

بەگەشەکردنی پیشەسازی، ئەم تەکنۆلۆجیە کەڵك بڕاوانە ناتوانن هەلی کێبەرکێی راستەقینە بۆ ئەو وڵاتە بڕەخسێنن. ئەوپەڕی ساویلکەییە ئەگەر وا بزانین کۆمپانیاکانی بیانی، تازەگەری پیشەسازی و تەکنۆلۆجی نوێ و هەستیار، دامەزراو لەسەر بنەمای زانستی کە دەبێتە رکابەری خۆیان دێنێتە ناو رووسیاو پەرەی پێدەدەن.

رووسیا دەبێ بەزووترین کات و بەهەنگاوی پڕتاو، تەکنۆلۆجی پێشکەوتووی تایبەت بەخۆی پەرەپێبدات. ئەم کارە هەل بۆ کەڵکوەرگرتنی خێرای پیشەسازی لەم تەکنۆلۆجییانەو نوژەنکردنەوەی

بنـــــــەڕەتی پیـــــــشەسازی، کـــــــشتوکاڵی و خزمەتگوزارییەکان دەڕەخسێنێت.

بەمەبەستی پەرەپێدانی تەکنۆلۆجیای (سبەینێ)، رووسیا ناچارە جەخت لەسەر بەرزکردنـەوەی ئاسـتی زانستەکان، بنەماو کارکردەییەکان بکاتەوە. ئەمەش بەتەنیایی دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کاڵای رکابـەر و خزمـەتگوزارییـەکان. سـیناریۆی یەکـەم زانـست دەخاتە ناوەندی بایەخپێدانی وڵات و بـوار بـۆ ئـەوە خۆش دەکات کە لـە وڵاتێکـی هەڵکـەوتووی نێـوان جیهـانی یەکـەم و جیهـانی سـێهەمدا، بـچێتە نـاو جەرگەی وڵاتانی گروپی چوارەم. واتە ئـەو وڵاتانـەی رێبەرایەتی ئاڵوگۆڕە جیهانییەکانی سـەدەی ٢١یـان لە ئەستۆ دایە.

ئاشکرایە کە ئەم سیناریۆیە، شوێنێکی هـێمن و سـەقامگیر بـۆ بەگەڕخـستنی سـەرمایەی بیـانی و ناوخۆ دابین دەکات. ئەم سـەرمایەگوزاریانەش تـەنیا بەسیاســەتێکی کارامــەی بــواری تــەکنۆلۆجی و بەرهەمهێنانی کـاڵای هـەرەباش مـسۆگەر دەبێـت. رکابەری دەبێتە هۆی دروستبوونی بازاڕێکی گەورەی بەرهەمــە تــەکنۆلۆجی و زانــستییەکان. پاشـانیش هەلومەرج خۆش دەبێت بۆ ئـەوەی زانـستیش بـەش بەحاڵی خۆی بچێتە ناو بازاڕەوە.

سـیناریۆی دووهـەم: لەسـەر بنـەمای چـالاکی گشتیی دەوڵەت و یاسـادانانی قـورس و نـەگۆڕ لـە بواری چالاکییە ئابوورییەکاندا دامەزراوە. بەپێی ئەم سیناریۆیە، دەوڵـەت لـە بـاتی ئـەوەی زیـاتر خـۆی سەرقاڵی کاروباری وەك فرۆشتنی خزمەتگوزارییەکان و بەرهەمهێنان بکات، پشت بەدەرهێنانی سەرچـاوە سروشتییەکان و فرۆشتنیانەوە دەبەسـتێت. دەوڵـەت بەگشتی سەرقاڵی هەناردنی کەرسـتەی وەك نـەوت، گاز، دارو درەخت و سوتەمەنی دەبێـت، تـا ئاسـتی سوودمەندی بپارێزرێـت. هەمیـشە بەشـێکی هـەرە زۆری قازانجی دەوڵەت تەرخان دەکـرێ بـۆ هـاوردنی تەکنۆلۆجیای تایبەت بەم پیشەسازییانە. بەرەبەرە لە تـەك خـستنەڕووی بەرهەمـەکان لـەو وڵاتانـەی کـە لەبـەکارهێنانی وزەدا دەسـت پێـوە دەگـرن، نرخـی سەرچاوە هەناردەییـەکانی رووسـیا دادەبـەزێت. لـە وڵاتێکـی پـان و بـەرینی وەك رووسـیا مەسـرەفی دەرهێنـان و گواسـتنەوەی ئـەم سەرچـاوانە دەچـێتە سەرەوەو وڵات ناچار دەبێـت روو بکاتـە (هـاوردنی) تـــەکنۆلۆجیاو کـــاڵای هـــاوردە. نۆژەنکردنـــەوەی بەشـەکانی پیـشەسازیی سـەربازی و ناسـەربازیش بەیارمەتی وەرگرتن لە سۆبسیدی دەوڵەت ماوەیەکی زۆر دەخایەنێت. ئەمـەش پیـشەسازیی رووسـیا لـە دۆخێکـی نـا کێبەرکێیـدا رادەگـرێ. لەکاتێکـدا نۆژەنکردنـەوەی تـەکنۆلۆجی بەشـێنەیی و پچڕپـچڕ ئەویش بەهاوردنی تـەکنۆلۆجیا دەچـێتە پـێش. بـە واتایەکی تر تازەگەری و ئەو تەکنۆلۆجیە رووسیانەی پشتیان بەزانس بەستووە، بازاڕێکی جیهانیان نابێـت و رێژەی کەمی گەشەی ئـابووری لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٩٧ تا ٢٠٠٠ دەبێتە بـێ بـازاڕی، قەتیـسمان و دواتریش داڕمانی ئابووری.

دیـارە زانـست لـە هەلومـەرجی ئـاوادا گەشـە ناکات، وزەو توانای هەڵگری فیکری و تەکنیکی لـە ناخدا زیـاتر لـە جـاران تووشـی تیاچـوون دەبێـت و رووسیا دێتەخوارێ بۆ ناو جەرگـەی وڵاتـانی گروپـی یەکەم. بەمەیش شتێك بەناوی گەشەکردنی بـەردەوام لە گۆڕێدا نامێنێت.

کاتێ ئەو سەرچاوانەی دووبارە نابنەوە بەرەو تەواوبوون دەچن و ئاستی ژیان دادەبەزێت. هەروەك پێرمسێکی (A.F. pisemskiy) نووسەری بەناوبانگی سەدەی نۆزدەیەم گووتویەتی، رووسیا (نابێتە ولات، بەڵکو دەبێتە زەوییەکی پان و بەرین و پڕ لە هۆزگەلی دواکەوتوو).

بەم شێوەیە، سەرمایەگوزاری، روو لە دەرهێنانی سەرچاوەکان و پیشەسازیی گۆڕینی سەرەتایی کالاکان دەکات و هەتتا ئەگەر زانستە کارکردەییەکانیش بەتایبەت زانستە بنەڕەتییەکان رۆڵێکیان هەبێت، ئەوا زۆر کەم دەبێت. ئەمەش کار دەکاتە سەر ئاستی پەروەردە و پسپۆڕی کۆمەڵگەی بەتوانا. لەم بارودۆخە سیاسییەدا رووسیا دەکەوێتە بنبەستی تیاچوون، نەداری و هەر چەشنە قەیرانێکی راستەقینەی دیکە.

دەبێ بەروونی دەرك بەمە بکرێت کە یاساگەرایی شیاوی دەوڵەت لە بواری پرۆسەی ئابووری و پشتگیریی کارامە لە زانست و تەکنۆلۆجیا لە رووسیا، نەك هەر سودمەندە بەڵکو پێویستیشە. لە هەمان حاڵدا پاوانکردن و دانانی بەربەستی توندوتۆڵ لەبەردەم سیستەمی بازاڕدا، نابێ لەلایەن دەوڵەتەوە جێگەی ئەم یاساگەراییە بگرێتەوە، چونکە ئەم جێگۆڕکێیە رووسیا دە ساڵ وەپاش دەخات و دەیخاتە داوێکەوە کە دەربازبوونی زۆر زەحمەتەو پێویستی بەهەوڵ و کۆشش و مەسرەفی هێجگار زۆر دەبێ. ئەم قەیرانەی ئێستا لەم بوارەدا لە ئارادایە، دوای چەند ساڵ دەبێتە فۆرم و رێسا.

گەشەکردنی بەردەوامی ئابووری - کۆمەڵایەتی بەواتای گەشەکردنی لەسەرخۆی ئابووری و چارەسەرکردنی گرفتە کۆمەڵایەتییەکانە، بەبێ هەڵەی گەورە. ئا بەم شێوەیە، قەبارە و خێرایی بەرهەمهێنانی کالا و خزمەتگوزارییە کێبەرکێییەکان بەردەوام گەشە دەکات. ئەم کارە دوور لە کەشوهەوای بەردەوامی گۆڕانی سیاسی، کۆمەلایەتی و ئابووریدا دەکرێ. ئەمەش دەتوانێ بەرهەمی بالانسی رێکارە ناوچەیی و فیدرالەکان بێت و ئەم رێکارانەش بالانسی هۆکارە کۆمەڵایەتی و سروشتییەکان لەبەرچاو دەگرن و بەدوای (قازانجی) مرۆڤ و سروشتەوەن. دیارە ئەمە شتێکی زیاتری لە پێوەرە ئابووری و تەکنۆلۆجییەکان پێویستە. لەم روانگەیەوە کە زانست و تەکنۆلۆجیی لە داهاتوویەکی نزیکدا دەبنە یەك هەمەکی. هەرچەند ئەمە وێدەچێ تارادەیەك راست بێت، بەلام تێکهەڵکێش کردنیان وا ئاسان نییە. بەپێی ئاخرین دەسکەوتە زانستییەکان هەڵەیە ئەگەر پێمانوابێت نوێترین تەکنۆلۆجیا بۆ هەمیشە سوودمەند، یان زیانمەند دەبێت. ئەم چەشنە تەکنۆلۆجیانە هەرچەند دەبنە هۆی بەرهەمهێنانی کارامەو دیاریکردنی رێبازێکی خۆجێی، بەلام زۆرجاریش دەبنە هۆی خولقاندنی کارەساتی ژینگەیی. ئەمڕۆ کاریگەریی تەکنۆلۆجیای نوێ بەسەر ژینگەوە پترە لە کاریگەریی بوومەلەرزە، گڕکان، تۆفان، وشکەساڵی و لافاو. ئەو تەکنۆلۆجیانە لەسەر ژیان و باری دەروونی و تەندروستیی مرۆڤ کاریگەرن و دەبنە هۆی گوشاری دەروونی، نەخۆشی شێوانی باری دەروونی و بازدانی جینەکان... لە رووسیا کە ولاتێکی پان و بەرینە. نەبوونی بالانس لە نێوان ژینگە، تەکنۆلۆجیا و مرۆڤ دەتوانێ ئالوگۆڕی پڕ کارەساتی لێبکەوێتەوە

تـــا ئـــەودیوی ســـنوورەکانیش پـــەل بهاوێـــژێ. پێشکەوتنەکانی بواری تەکنۆلۆجیا ئەگـەر تەنانـەت بەمەبەســـتی مینیمـــۆم کردنـــی ئەنجامـــە نێگەتیڤەکانیشی بێت، هێشتا بەس نییـە، چ بگـات بەوەی بتوانیٚ پێش بەم رووداوانە بگرێت. دەبیٚ فێـرببن چۆن ئەوانە پێشبینی بکەین و بتوانین ئەو دۆخە شرۆڤە بکەین کە زانستی تیۆری بنەڕەتی پێویستە.

لەراســـتیدا پێویـــستمان بـــەفیزیکی نـــاووکی، میکانیکی کوانتۆم، زانستی جینەتیك، کیمیاکوانتۆم و بایۆلۆجی هەیە تا بتـوانین، ئەگـەری کاریگەرییـەکانی بەرهەمهێنانی ناوکی، شێوازی کاریگەریی پاشەڵۆکی رادیـۆ ئـەکتیڤ لەسـەر مـرۆڤ و ژینگـەو، چـۆنیەتی بەکارهێنانی ئاخرین دەسکەوتەکانی زانستی کیمیا لـە پزیـشکیدا، کاریگـەریی کـشتوکاڵ و خـۆراك لەسـەر ژینگەو سروشـتی مـرۆڤ راڤـە بکـەین. لەبـەر ئـەوەی تـەکنۆلۆجیا نـاتوانیٚ بەتـەنیا وەهـا زانـستێك وەدی بێنێت، جا بۆیە ئەم کارە لە رێی تۆژینەوەی فیکـری و ئەزموونی لە بواری زانستەکاندا دەکرێت. بەکارهێنانی بیرکاری وەك زانستێکی زۆر ئابـستراکت پێویـستە بـۆ پێشبینی کەش و هەوا، فـرینی فـەزایی، فرۆکـەوانی، کەرەستەی دیـاریکردنی نەخۆشـییەکان و ئەنـدازەگیری کاریگەرییەکانی مرۆڤ لەسەر پرۆسەی تەکامول.

ئێستا پرسیار لێرەدایە، ئایا دەتوانین بۆ بواری زانـستە بنەڕەتییـەکان، کـەڵك لـە دەسـکەوتی بیانییـەکان وەربگرین؟

بەڵیٚ. چونکە دەسکەوتە زانستییەکان تەنیا هی وڵاتانی پێشەنگ نین. بەڵام ئاخۆ ئەم کارە بەبیٚ ئەوەی زانستی بنەڕەتی خۆت هەبێت، دەکریٚ؟ نـا. ناکرێـت. چـونکە گرفتگەلێکت دێنێتە پێش کە دەبـیٚ بـەزووترین کـات چارەسەر بکرێن. لەکاتێکدا ئـەنجامی دەسـکەوتەکانی ئەوانی تر لە بواری زانـستەکاندا زۆر درەنـگ دەگەنـە دەستمان، بەهۆی نەبوونی هەژمارێکی بەرچاوی تۆژەری بەتوانا هیوایەك بۆ کەڵکوەرگرتن لە ئەزموون و زانستی بیانیـــان، لـــە رووســـیا نییـــە. ئاشـــکرایە ئەزموونـــە جیهانییەکانیش ئەمەیان سەلماندووە. زانستەکان کاڵای شیك و گرانبایی نین، بەڵکو پێداویستی کۆمەڵایەتین. زلهێزەکانی بواری تەکنۆلۆجیا (ئەمریکا، ئاڵمان، ژاپۆن و ئینگلتەرا) سەرمایەیەکی بەرچاو لە بودجەی گـشتی بـۆ زانـستە بنەڕەتییـەکان تـەرخان دەکـەن، ئەمـەش کاریگەریی پۆزەتیڤی لەسەر ژینگە، ئاستی تەندروستی و خۆشگوزەرانی گشتیی ئەوان هەیە.

هەرچەند چاکـسازیی بنـەڕەتی بـەبیٚ ئامادەکـاریی گونجاو، بۆ ماوەیەکی زۆر کورت کار دەکاتە سەر تێکڕای کۆمەڵگا، بەڵام هەر ئەندازە ئـەو پێکهاتـە یـا ناوەنـدە ئاڵۆزتر بێت ئاکامەکانی ئەم جۆرە چاکسازییانەش بـەو ئەندازەیە ناخۆشتر دەبێـت. لـە راسـتیدا ئـەو بودجـەی دەوڵەتی فیدراڵ لە ساڵانی نێـوان ١٩٩١ و ١٩٩٤دا بـۆ زانست تەرخانی کردووە، ٨٪ دابەزیوە. رووسـیا سـاڵانە لـە نێـوان ٧٠٠٠٠ هـەتا ٩٠٠٠٠ زانـای ٣١ تـا ٤٥ ساڵەی لە رێی کـۆچ و کۆچـبەرییەوە لـە کـیس داوە[1]. بەهۆی ئەمەیە کە ئیتر گـەنجان کـەمتر روو لـە زانـست دەکەن و ئامرازەکانی تایبـەت بەناوەنـدەکانی تۆژینـەوە پـەکیان کـەوتووەو بەشـێوەیەکی کارامـە کـەڵکیان لێوەرناگیرێت. لەم بوارەوە ئامارەکان ئەوە دەردەخەن کـە ئـەم کـارە کاریگـەریی نێگـەتیڤی لەسـەر تۆژینـەوەو گەشەکردن بەجێهێشتووە.

لە ساڵی ١٩٩٤دا ئـەمریکا ٤٤٤٠٠٠، ئـەڵمانیا ١٦٠٠٠٠، ژاپـۆن ١٢٩٠٠٠، ئینگلتـەرا ٩٧٠٠٠،

مۆڵەت و مافی داهێنانیان فرۆشتووە، کەچی رووسیا تەنیا ٤٠٠٠ی فرۆشتووە. بەم پێیە دەکەوێتە نێوان ئیسپانیا و هەنگاریا.

لەم ١٠-١٥ ساڵەی دواییەدا توانای زانستیی رووسیا بەرادەیەکی بەرچاو دابەزیوە، لە ساڵی ١٩٨٠دا، لە رووسیا سێ ملیۆن تۆژەر هەبوون، کەچی ئێستاکە ژمارەیان لە یەك ملیۆن کەمترەو پەیتا پەیتاش لێیان کەم دەبێتەوە. ژمارەو لێهاتوویی ئەو پسپۆڕانەی لە ناوەندەکانی خوێندنی بالادا پەروەردەکراون توانای زانستیی دەردەخات. ئێستاکە، بۆ هەر ١٠٠کەس، ژمارەی ئەو پسپۆڕانەی توانای دەرکی زانست و کەڵکوەرگرتنیان لە ئەنجامەکان هەیە لە بواری تەکنۆلۆجیاو ژیانی رۆژانەدا، لە چاو ژمارەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا کەمترە. لە سەرەتای نەوەدەکاندا لە ئەمریکا بۆ هەر ١٠٠٠ کەس، ٣٥ کەس خوێندنی بالایان هەبوو کە تەمەنیان لە نێوان ٢٥ هەتا ٦٤ ساڵ بووە. ئەم رێژەیە بۆ کەنەدا ٣٠ کەس، سویسرا ٢٦، ژاپۆن و سوید هەر کام ٢١، فەنلاندا ١٨، ئەڵمانیا ١٧، ئینگلتەرا ١٥، فەرەنسا ١٤ کەس بووە.[٢].

بەڵام لە رووسیا ئامارەکان دۆخێکی هێجگار خراپ نیشان دەدەن. خوێندنی بالا لە رووسیا ئەوەندە باش نییە. واتە رووسیا ئێستا توانای ئەوەی نەماوە بگاتە باشترین دەسکەوتەکانی زانست و ئەو تەکنۆلۆجیانەی لەسەر زانست بەندن. ئەم داتا (Date) و زانیارییانە پێوەندی نێوان زانست، تەکنۆلۆجیا، پەروەردەو گوزەرانی کۆمەڵایەتی نیشان دەدەن. هەڵبەت هەر رێسایەك هەڵاوێردەیشی هەیە، واتە وڵاتانێك هەن کە جڤانیان کەم و بەربڵاوەو سەرچاوەی زۆری نەوت، کەشوهەوای گەرم و توانای گواستنەوەو گەیاندنی زۆر چاکیان لەبەر دەستدایەو بەفرۆشتنی نەوتی نایاب کە دەرهێنانیشی ئاسانە، دەژین. بەڵام رووسیا وڵاتێکی پان و بەرینە، بەبێ هەبوونی زانستێك کە بتوانێ یاسا بنەڕەتییەکانی تاك و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی فۆرم پێبدات و مامەڵەی نێوان ژینگەو تەکنۆلۆجیا رێکبخات، ناتوانێ دانیشتوانی بخاتە ئاستێکی گونجاوی مادی، فکری و کلتوری.

هەندێ لە وڵاتانیش، هەڵاوسان، تاوان یان کەمبوونی بەرهەمهێنانیان نییە، بەڵام لەتەك ئەمەیشدا خاوەن پێشکەوتنی بەردەوام و سەربەخۆ، پێگەی بەرزی نیشتمانی (نەتەوەیی)، باری تەندروستی باش و بەرهەمهێنان یان خۆشگوزەرانی کۆمەڵایەتی نین.

رۆڵی زانست لە گەشەکردنی بەردەوام لەم رووەوە دەبێ لەبەرچاو بگیرێت، چونکە کلیلی مانەوەو بەردەوامی کۆمەڵگەی رووسیاو پاراستنی لە ئێستاداو دەوڵەمەندبوونی لە داهاتوودایە. کەواتە ئەم جۆرە باسانە نابێ بە تیۆریسازی سیاسییانە، یان بەرزەفڕیی زانکۆیی لە قەڵەم بدرێ. بەهۆی ئەوەی کە زانست چ پێش شۆڕشی ١٩١٧ و چ پاش شۆڕش، هەمیشە پرسێکی دەوڵەتی بووە، لە سەرەتای سەدەی ٢١دا بەشێوەیەکی سنووردار دەتوانێ لە بازاڕدا سەرهەڵبێنێت. ئەگەر هەر ئێستاکە رووسیا بەشێوەیەکی کاریگەرانە پشتگیری لە زانست و تەکنۆلۆجیا نەکات ئەوا ناتوانێ لە بازاڕەکاندا شتێك بخاتەڕوو. لە ئابوورییەکانی بازاڕدا وەك ئەمریکا. ئینگلتەرا، ژاپۆن و فەرەنسا کە بەرادەیەکی هێجگار زۆر گەشەیان کردووە، دەوڵەت ٣٠ تا ٤٥٪ خەرجییەکانی زانست دابین دەکات و دەوڵەتە

هەرێمییەکانیش (ولایەتەکان لە ئەمریکا و ئەڵمان) هەر بەم شێوەیە کاریان کردووە. دەبێ ئەمەیش بڵێین بودجەی نەتەوەیی و بەرهەمی ناوخۆیی ئەم وڵاتانە زۆر زیاترە لە رووسیا. ئەگەر رووسیا بیهەوێ بەردەوام گەشە بکات لە بواری زانستدا دەبێ بەشێوەیەکی بنەڕەتی گۆڕان بەسەر سیاسەتەکانی دەوڵەتدا بێنێت.

بۆ گەیشتن بەم ئامانجە دەبێ لانی کەم یاساکانی بەردەست لە بواری زانست و خوێندنی بالادا جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی زانست بتوانێ رۆڵێکی بەرچاو بگێڕێ لە گەشەکردن، پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیا، ئابووریی پتەو و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگیدا، دەبێ ئەم یاسایانەی ئێستا، بەدانانی یاساو رێسای دیکە کامڵ بکرێن. ئەم شێوەکارکردنە دەتوانێ بوار بڕەخسێنێ بۆ ئەوەی گەنجان بکشێن بۆ لای زانست و تێڕوانینی ئێستایان چاك بکرێتەوەو بۆ نۆژەنکردنەوەی کۆمەڵگە کەڵکیان لێوەربگیرێت. پرۆسەیەکی گرنگیی تریش کە تازە سەری هەڵداوە، ئەویش یەکگرتنەوەی زانست، خوێندنی بالاو بەرهەم هێنانە، وێڕای لەکیس چوونی تۆژەرو زانایان و بەگشتی دابەزینی بنەمایی و کارەکرەییەکان، هێشتا رووسیا کۆمەڵێك لە باشترین شتەکانی ئەو بوارەی لە بەردەستدایە وەك ئامراز، تۆژەر و یەکەکانی تاقیکردنەوە. رووسیا دەتوانێ بەرێکخستنی ناوەندەکانی خوێندنی بالا و تۆژینەوە باشترین بنکە پیشەییەکان لە چوارچێوەی کۆمەڵگەکانی بەرهەمهێنان و لێکۆڵینەوەو گەشەکردن، بەشێوەیەکی باشتر کاری تۆژینەوەو گەشەکردن لە بەشی بەرهەمەکانی ناسەربازی و کالاو خزمەتگوزاری رکابەردا بەڕێوەببات.

ئەم کارە کلیلی کەڵکوەرگرتنە لە زانستەکان بەمەبەستی گەیشتن بەگەشەکردنی بەردەوامی وڵات.

## پەراوێزەکان

-Raktiov, Anatoly, The Role of Science in Sustained Social Development, Social Sciences Quarterly Review, Vol. XXXV. III, 1997 No.4.

- ئاناتولی راکتیۆڤ، ئەندامی ئاکادیمیای زانستە سروشتیەکان، جێگری سەرۆکی دیپارتمانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان لە ئاکادیمیای نێونەتەوەیی راگەیاندن و هەروەها تۆژەری بەرجەستەی ناوەندی راگەیاندنی زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

1- A. Chambers, The world Community will benefit from Supporting Russian Science, Finasovyeizvestia, 1996, No, 113.

2- M. Teyte" Multivariate Analysis of the western Higher Educational system "Naukovedenie, 1994, No.4.